https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.7

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا

## ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار بەنموونە

م. ی. عادل حمه عارف مؤمن
زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
adil.muemen@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە شیکاری ناوەرۆکە بۆ (بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار بەنموونە) کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەو پرسیارەوە سەرچاوە ئەگرێت: ئایا ڕۆژنامەگەری کوردی و بەتایبەت ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار تا چەند گرنگییان داوە بە بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی بەتایبەت هەر سێ پرەنسیپی (دووبارەبوونەوە) و (کێش/جووڵە) و (هەمەڕەنگی)؟ توێژەر لە ئەنجامدا گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەردەستبوونی کەرەستەی پێویستەوە بواری بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار بەڕێژەیەک بەکاربراون، لەم ڕووەوە لەپرەنسیپی دووبارەبوونەوەدا ڕەگەزی تێکست پلەی یەکەمی هەیە لە کاتێکدا لە هەمان پرەنسیپدا ڕەگەزی لۆگۆ کە شوناسی بڵاوکراوەیە نزمترین پلەی هەیە، چونکە تا ئێستا شەش جار گۆڕانکاری تیا کراوە، هەروەها ڕەگەزی ڕەنگ لە پرەنسیپی هەمەڕەنگیدا پلەی کەمتری هێناوە لەچاو ڕەگەزی هێڵ لەهەمان پرەنسیپدا، ئەمە و ڕەگەزی بابەت لە پرەنسیپی کێش/جووڵەدا پلەی یەکەمی هێناوە لەچاو ڕەگەزی ڕەنگ لەهەمان پرەنسیپدا کە کەمترین ئاستی هەیە. لەکۆتاییدا توێژەر دەگاتە ئەو ئاکامەی هەرچەندە بەشێوەیەکی زانستی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی بەکاربهێنرێن لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا ئەوەندە زیاتر بڵاوکراوەکان سەرنج ڕاکێش دەبن.

**وشە کلیلییەکان:** پرەنسیپەکانی نەخشەسازی، ڕۆژنامەگەری کوردی، کوردستانی نوێ، بڕیار.

## بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا

## ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار بەنموونە

### پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە (بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار بەنموونە) پێکهاتووە لە سێ بەش: بەشی یەکەم چوارچێوەی توێژینەوەکەیە کە پێکهاتووە لەدەستنیشانکردنی کێشە و ئامانج و کۆمەڵگە و سامپڵ و پاشانیش میتۆد و پێناسەی هەریەکە لە زاراوەکانی توێژینەوەکە کراون.

لەبەشی دووەمدا کە تیۆرییە تاوتوێی ڕای زانایان و شارەزایانی نەخشەسازی کراوە، پاشان پرەنسیپەکانی نەخشەسازی ژمێرراون و بەدرێژی باس لەسێ پرەنسیپی یەکەم کراوە: (دووبارەبوونەوە و هەمەڕەنگی و کێش/جووڵە) لەبەشی سێیەمدا لە ڕووی مەیدانییەوە ئەو سێ پرەنسیپە دەستەیان بۆ دروستکراوە و پاشان لە ڕێی شیکردنەوەی ناوەڕۆکەوە بۆ هەردوو بڵاوکراوەی (کوردستانی نوێ و بڕیار) توێژینەوەکە بەئامانج گەیێنراوە.

### بەشی یەکەم

### چوارچێوەی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەو پرسیارەوە سەرچاوە ئەگرێت:

* ئایــا پرەنســیپەکانی نەخشەســازی بەتــایبەت هەر ســێ پرەنســیپی (دووبــارەبوونەوە) و (هەمەڕەنگــی) و (کێش/جــووڵە) لە ڕۆژنــامەی کوردســتانی نــوێ و گۆڤــاری بڕیــار دا تــا چ ئاســتێکە و ڕێــژە و پاتبوونەوەیان چەندە؟ لەکاتێکدا".

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی هێنانەدی ئەم ئامانجانەدایە:

١.پەیڕەوکردنــی پرەنســیپی دووبــارەبوونەوە لە ڕوانــگەی (تێکســت، ناونیشان، هیدەر و فوتەر، مانشێت، لۆگۆ) لە کوردستانی نوێ و بڕیاردا.

٢.پەیڕەوکردنــی پرەنســیپی هەمەڕەنگــی لە ڕووی (ڕەنــگ، هێــڵ) لە کوردستانی نوێ و بڕیاردا.

٣. پەیڕەوکردنی پرەنسیپی کێش/جووڵە لە ڕووی (وێنە، ناونیشان، بابەت، ڕەنگ) لە کوردستانی نوێ و بڕیاردا.

**گرنگی توێژینەوە:**

ئەم بابەتە بابەتێکی هەنوکەییە، توێژینەوەی زانستی لەسەری زۆر کەمە ئەگەر نەڵێین نییە، ســەرچاوە و کتێــب لەســەر پرەنســیپەکانی نەخشەسازی بەگشتی و ڕۆڵیان لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا نادیارە، بۆیە پێدەچێت ئەم توێژینەوەیە بتوانێت لەو ڕووەوە خزمەتێک پێشکەش بکات. گرنگی توێژینەوەی زانستی زۆرجار لەسێ ئاستدا ئەژمار ئەکرێت:

١. ئەو توێژینەوەیە تاچەند توانیویەتی خزمەتی ناوەرۆکی بابەتەکەی بکات؟

٢. ئەو توێژینەوەیە تاچەند توانیویەتی خزمەتی خوێنەرەکەی بکات لەبەخشینی زانیاری پێی سەبارەت بە پرەنسیپەکانی نەخشەسازی؟

٣. ئەو توێژینەوەیە تاچەند توانیویەتی خزمەت بە توێژەرانی دوای خۆی بکات لەو بابەتەدا؟

لەو ڕوانگانەوە دەکرێت بوترێت کە ئەم توێژینەوەیە گرنگە چونکە:

ئەوەندەی توێژەر لەتوانایدا بووبێت خزمەتی ناوەرۆکی بابەتەکەی کردووە کە لە توێژینەوەی زانستیدا بابەتێکی تاڕاددەیەک تازەیە و لای لێنەکراوەتەوە، هەر لەو ڕووەشەوە ئەبێتە بابەتێکی نوێ لەلای خوێنەرانی و زانیاری تازەی تیایە لەسەر پرەنسیپەکانی نەخشەسازی چاپکراو و خاڵێکی دەستپێکیش دەبێت بۆ توێژەرانی دوای خۆی، بەرچاوڕوونییەکە بۆ توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خودی بابەتەکە گرنگە بۆ هەموو بڵاوکراوە و چاپکراوەکان بەگشتی و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بەتایبەتی.

**بواری توێژینەوە:**

*بواری جوگرافی: هەرێمی کوردستان، سلێمانی.

*بواری بابەتی: هەر سێ پرەنسیپی نەخشەسازی (دووبارەبوونەوە و هەمەڕەنگی و کێش/جووڵە) لە (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار) دا.

*بواری کات: (سەرەتای١٩٩٢ بۆ سەرەتای ٢٠١٦) لە دەرچوونی هەر کام لەبڵاوکراوەکانەوە شەش خول وەرگیراوە کە دەکەوێتە ئەو نێوەندەوە، لە بەشی وەرگرتنی سامپڵدا هۆکارەکەی ڕوونکراوەتەوە.

* بواری مرۆیی: لەبەرئەوەی ئیش لەسەر (کەس) نەکراوە کەواتە: بواری مرۆیی تیا نییە.

**کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە لە ڕۆژنامەگەری کوردی بەگشتی دەستپێدەکات بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی دوای ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستاندا. لە نێو ئەوانیشدا سامپڵێکی عەمدی دیاری کراوە کە بتوانێ ئامانجی توێژینەوەکە بپێکێت، کە ئەویش (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار)ە، وەک نوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی هەرێم هەڵبژێردراون، بەهۆی ئەوەی:

١. ڕۆژنامەکە کۆنترینیانە، بەردەوامترینیانە، لە ڕووی دیزاینەوە پێشکەوتووە.

٢. گۆڤارەکەش لەبواری خۆیدا کۆنترینیانە، بەردەوامترینیانە، هەمەڕەنگە و لە ڕووی دیزاینەوە پێشکەوتووە.

٣. ئەرشیفی ژمارەکانی هەر دووکیشیان بەردەست بوون.

بۆ هەرکام لە بڵاوکراوەکان (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار) شەش خول وەرگیراوە لەسەرەتای دەرچوونی هەر یەکێکیانەوە دیاری کراوە تا خولی شەشەم (سەرەتای١٩٩٢ بۆ سەرەتای ٢٠١٦) چونکە لەو ماوەیەدا شەش خولیان تێپەڕاندووە و لەسەرەتای هەر خولێکیشیاندا لۆگۆکانیان گۆڕیوە، لۆگۆیش یەکێک لە دیارترینی شوناسی بڵاوکراوە لەلای خوێنەران.

لەبەر ئەوەی بەپێی موتابەعەکردنی توێژەر بۆ هەر دوو بڵاوکراوەکە لەو ماوەیەدا زۆرترین گۆڕانکاری لەنەخشەسازیاندا ڕوویداوە، پاش ئەوە بەنزیکەیی ئیتر جێگیر بووە و ئەو ستایلە بووەتە شوناسیان، کە ئەویش دەکەوێتە ئەو نێوەندەوە کە ئاماژەی پێکرا، بەتایبەت لە گۆڕینی لۆگۆدا کە دیارترین ڕەگەزی پرەنسیپی دووبارەبوونەوەیە لە نەخشەسازیدا.

هەر کـام لە بڵاوکراوەکـان لە چ ژمـارەیەکەوە لۆگۆکانیـان گـۆڕانی بەسەردا هاتبێت لەو ژمارەیەوە خولی نوێ دەست پێدەکات و نوسخەی یەکەم بەســامپڵ وەرگیــراوە، بەو جــۆرە لەســەرەتای ١٩٩٢ ەوە تــا سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ شەش خولیان تێپەڕاندووە، سەرەتای هەر شەش خــولەکە لە ڕۆژنــامەکەدا لەم ژمــارانەدا بــووە کە بــوونەتە ســەمپڵی توێژینەوەکە:

کوردستانی نوێ ژمارەکانی (ژ سفر ی ١٢/ ١ / ١٩٩٢) و (ژ ١٠٠٠ ی ١ / ٦/ ١٩٩٥) و (ژ ٢٠٠٠ ی ١٤ / ١١/ ١٩٩٩) و (ژ ٣٠٠١ ی ٢ / ٣/ ٢٠٠٣) و (ژ ٥٠٠٦ ی ٢٣ / ١٠/ ٢٠٠٩) و (ژ ٦٨٦٢ی ٣ / ١/ ٢٠١٦). هەروەهـا بـۆ گۆڤـاری بڕیـاریش بەهەمـان شـێوە لەسـەرەتاوە تـا خـولی شەشەم بەم شێوەیە وەرگیراوە: گۆڤاری بڕیار ژمارەکانی (ژ ١ی ئایاری ٢٠٠٨) (ژ ١٢ی ئایــــاری ٢٠٠٩) و (ژ ٢٤ی ئایــــاری ٢٠١٠) و (ژ ٢٦ی تەمموزی ٢٠١٠) و (ژ ٥٠ی تەممووزی ٢٠١٢) و (ژ ٧٠ی تەممووزی ٢٠١٤).

**ڕاستگۆیی توێژینەوە:**

ڕاسـتگۆیی ئەم تـوێژینەوەیە بـریتییە لەقۆنـاغی دوای دروسـتکردنی دەســتەکان بــۆ شــیکردنەوەی نــاوەرۆک، بــۆ هەر ســێ پرەنســیپی (دووبــارەبوونەوە) و (هەمەڕەنگــی) و (کێش/جــووڵە) لە ڕۆژنــامەی (کوردستانی نوێ) و گۆڤاری (بڕیار) دا و دواتر خراوەتە بەردەستی سێ لــە پســپۆڕانی بــوارەکە تــا بیبیــنن و تێبینییەکانیــان بــخەنەڕوو، و بە تێبینییەکانیـان سـوود بە تـوێژینەوەکە بگەیەنـن، ئەوانـیش: پرۆفیسـۆری یاریدەدەر دکتـۆر عـومەر ئەحمـەد ڕەمەزان بەشـی ڕاگەیانـدن، ڕۆژنـامە، زانکۆی سلێمانی/ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتـۆرە نەزاکەت حسـێن بەشـی ڕاگەیاندن، تەلەفزیۆن، زانکۆی سلێمانی، مامۆستا ڕۆزە حمە وەیس بەشی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە، زانکۆی سلێمانی.

**میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لەڕووی میتۆدەوە ڕێبازی وەسفی تیا ڕەچاو کراوە و کـار لەســەر (شــیکردنەوەی نـاوەڕۆک) دەکـات لەپێنـاو گەیشــتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**ناساندنی چەمک و زاراوەکان:**

بەکارهێنان: لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەو چالاکییەی کە (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار) نیشانی دەدەن لەسەر پرەنسیپەکانی نەخشەسـازی، ئەویـش لە ڕێگـای شـیکردنەوەی پۆلێنەکـانی هەرکـام لە پرەنســیپی (دووبــارەبوونەوە، هەمەڕەنگــی، کێش/جــووڵە)دا بەرجەســتە دەبێت.

نەخشەســــازی: نەخشەکێشـــــانی هـــــونەریی لاپەڕە و دیـــــمەنە ڕۆژنامەوانییەکـان و ڕەچـاوکردن و دابەشـکردنی بـابەتە چـاپکراو وێنە و ناونیشـانەکانە بەشـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش، کە خوێندنەوەیەکی دروسـتی بۆبکرێت. لە کرداری نەخشەسازیدا کەسێک هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی و پێی دەوترێت نەخشەساز "ئەو کەسەیە نەخشەسازیی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە یان گۆڤار دەکات، واتا نەخشەکێشـان و دابەشـکردنی بـابەتە چاپکراوەکـان لە ئەستۆ دەگرێت. (عەبدول،٢٠٠٦: ١٨٣).

پرەنســیپەکانی نەخشەســازی: ئەو بنەمــا جیهانییــانەن کە پێویســتە هەمـوو نەخشەسـازێکی بڵاوکـراوەی چـاپکراو لەبەرچاویـان بگرێـت و لە نەخشەسـازی بڵاوکراوەکەیـدا جێبەجێیـان بکـات. کە پێکهـاتبوون لەمـانە: (دووبــارە بــوونەوە، هەمەڕەنگــی، کــێش و جــووڵە، ڕێککــردن، دژیەکــی، جەختکــردنەوە، بخــوێنرێتەوە، ســـایکۆلۆجیەتی جەمـــاوەری پێشـــواز، هاوســـەنگی، هـــاوڕێژە، هەمـــاهەنگی، پلەبەنـــدی زانیـــاری، نزیکـــایەتی) (زانگەر،٢٠٠٥:...).

ڕۆژنامەگەری کوردی: مەبەست پێی کۆی گشتی ئەو بڵاوکراوە کوردییە خوێنراوانەن, کە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ەوە لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک چاپ و بڵاوکرانەوەنەتەوە چ لە شێوەی ڕۆژنامەدا بووبن یان لەشێوەی گۆڤار و بڵاوکراوەی تر.

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

تا ئەو جێیەی توێژەر ئاگاداربێت توێژینەوەی ڕابردوو لەم بوارەدا نییە.

**بەشی دووەم**

**لایەنی تیۆری توێژینەوە**

**چەمکی نەخشەسازیی:**

نەخشەسازیی بە زمانی ئینگلیزی (design) بە زمانی عەرەبی (التصمیم) واتە:

* فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی سەبارەت بە نەخشەسازی نووسیویەتی: هونەر و لێهاتوویی تێکەڵکردنی نووسین و وێنەیە لە گۆڤار و کتێبدا. (Oxford Dictionary.٢٠١٨:...). هونەر و پیشەی بەکارهێنانی توخمەکانی نەخشەسازییە، لە تایپۆگرافی و وێنە بەمەبەستی نمایشکردن و پێدانی کاریگەریی بەهێز (Merriam Webster Dictionary. ٢٠١٨: ...). نەخشەکێشانی هونەریی لاپەڕە و دیمەنە ڕۆژنامەوانییەکان و ڕەچاوکردن و دابەشکردنی بابەتە چاپکراو وێنە و ناونیشانەکانە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش (عەبدول،٢٠٠٦: ١٨٣).

* داهێنانی شتی جوان و دڵخۆشکەرە یان کارێکی داهێنەرانەیە بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو، کرداری نەخشەسازیی پشت دەبەستێت بە توانای نەخشەساز بە سوود وەرگرتن لە لایەنی ڕۆشنبیری بۆ

دروستکردنی ئیشێکی باش یان پەرەدان بە کارێکی ڕابردوو. پێکهاتە و بنەماکانی نەخشەسازی بەردی بناغەن بۆ دارشتنی هەر شێوە و ئۆبجێکتێک. سەرکەوتنی بنەمای نەخشەسازی ئەوەیە کە ئێمە دەیکەین بۆ ئەو پێکهاتانەی کە بابەتی نەخشەسازیەکەی گرتووەتەوە، کە ئەتوانین بڕیار بدەین تا چەند سەرکەوتووبووین تیایدا.

* نەخشەسازیی: پرۆسەیەکی گشتگیرە، پلان دارشتنێکە بۆ کۆی ئیشە هونەرییەکە، بەشێوەیەک کە لە ڕووی پیشە و سوودەوە جێگای ڕەزامەندی بێت، لەهەمانکاتدا بەسەیرکردنی دڵبکاتەوە و سەرنجڕاکێش بێت، گوزارشت بکات لە پێویستییە ستاتیکییەکانی بڵاوکراوەکە. لە داهێنان و دروستکردنی کارێکی جوان و دڵخۆشکەر و بەسوود، پلانێکی تەواوە بۆ دروستکردنی شتێک و دانانی لە قاڵبێکی وەک یەکدا نەک تەنها لەلایەنی جوانییەوە، بەڵکو لەلایەنی ئەرکیشەوە. (محمد ڕؤوف، ٢٠٠٥، ٨٢)

*نەخشەسازی چاپکراو: پلان بابەت هەڵئەبژێرێت و نەخشەسازیش فیکرە ئەدۆزێتەوە بۆ نمایشکردنی بابەتەکە, چونکە مەبەست لە نەخشەسازی چاپکراو ئەو هونەری داهێنان و نوێکاریەیە کە شێوەیەکی جوان و بەسوودی هەیە بۆ مرۆڤ، وەک بەرهەمهێنانی بەرگی کتێبێک، یان نەخشەسازیکردنی ئیعلانێک یان نەخشەسازی گۆڤار و ڕۆژنامەیەک و...هتد.

.(...:٢٠١٨.design.com)

*(کلین) لای خۆیەوە وەها پێناسەی نەخشەسازی دەکات کە بریتییە لە: هێڵکارییەکی سەرەتایی گشتگیر هونەرمەندان دایدەنێن بۆ بەخشینی بیرۆکەیەکی سادە و ئاسانی شێوەی چاپکراوەکە و دەرهێنانەکەی، پێویستە ئەو هێڵکارییەش زیاتر مەزەندەکانی تێچوون لەخۆبگرێت.

کارێکی داهێنەرانەیە، بۆ ئەو مەبەستەی هەیەتی، دەیهێنێتە دی. (سکوت، بدون سنة نشر، ٥)

* (وونــک) یــش لای خــۆیەوە وا پێناســەی دەکــات کە بــریتییە لە: پرۆسـەیەکی خوڵقانـدن و جـوانکردنی وەهـا کە سـوودێکی هەسـتپێکراو و بینراوی هەبێت، گوزارشتێکی بینراویشە لە کرۆکی شتێک چ پەیامێک بێت یـان بەرهەمێـک یـان هەر شـتێکی تـر. بـریتیە لە کـرداری هەڵبـژاردن و ڕێکخستنی کۆمەڵێک ڕەگەز و دەستەواژە بە ئامـانجی بەکارهێنـانی وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن. (عبدالکریم، ١٩٩٨، ٢٦٩)

* دیزاین پشت بەتوانای دیزاینەر دەبەستێت لەداهێنان و ئەفراندندا کە تیایــدا ڕۆشــنبیری و توانــای ئەندێشــەیی و لێهــاتوویی خــۆی بەکاردەهێنێـت بـۆ خوڵقانـدن و بینـاکردنی هێڵکـارییەکی سـەرەتایی بـۆ بیــرۆکە گشــتییەکەی، بەجۆرێــک کە خزمەتــی کــۆی بونیــادی کــارە هـونەرییەکەی بکـات و هەردوو ئامـانجی وەزیفـی و سـتاتیکی بپێکێـت، دیزاینەریش بەهێڵ و بەها ڕووکەشییەکان و پانتایی و شێوە و ڕەنگەکان و شتەکانی دیکە گوزارشت لەکارە هونەرییەکەی دەکات.

(موسی، ٢٠٠٤، ٣٤)

*(خونفـور) یــش نەخشەســازی وا پێناســە دەکــات کە بــریتییە لە: داهێنــان و خوڵقانـدنی کـاری جـوان و چێـژبەخش و بەسـوود، پلانێکـی گشتگیریشـە بۆ پێکەوەنانی شـتێک یان تێکەڵکـردن و ئامێتەکردنی چەنـد شـتێک، لەیەک قالبی یەکگرتوودا، نەک هەر لە ڕووی ستاتیکییەوە، بەڵکو لە ڕووی وەزیفیشــەوە.. نەخشەســازی بەگــوێرەی ڕای (دکتــۆر ئەمــین شــەعبان) یــش بــریتییە لە: "دەرخســتنی پێداویســتییە داواکراوەکــان و دەرهێنانیـانە لە فۆڕمێکی گونجـاوی وەهـادا کە پرۆسـەی جێبەجێکـردنەکە ئاســان بکــات، هەروەک دیــزاین دەرخســتەیەک دەخــاتەڕوو ســەبارەت بەکۆمەڵێــک شــێوازی هــونەری و تەکنیکــی و ئەنــدازەیی کە پێویســتە

پەیڕەوبکرێن، دیزاینیش بەگوێرەی گۆڕانی ئامانج لە بەرهەمێکی دیاریکراودا هەروەها بەگوێرەی گۆڕانی کەرەستە خامەکان و دەزگا و ئامرازەکان، گۆڕانی بەسەردا دێت. (شعبان، ١٩٨٦، ٦٢)

* بەشێوەیەکی گشتی بنەماکانی دیزایین دائەبەزنە سەر هەر پارچەیەکی ئامادەکراو، بەڵام چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم بنەمایەنە ئەوە دیاریدەکات کە تاچەند کاریگەرییان ئەبێت لەسەر گەیاندنی پەیامی داواکراو و بڕی سەرنج ڕاکێشانیان. هەر بۆیە بەشێوەیەکی کەم نەبێت ڕێگایەکی گونجاومان نییە کە بتوانێت هەموو بنەماکان وەک یەک جێبەجێ بکات.

**ئامانجەکانی نەخشەسازی**

نەخشەسازی کار بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دەکات:

١-گونجاندنی بابەتەکان لەگەڵ سیاسەتی بڵاوکراوەکەدا.

٢-دانانی بابەتەکە بە جۆرێک لەگەڵ ئەو ڕووبەرەدا بگونجێت کە لە بڵاوکراوەکەدا دانراوە.

٣-دروستکردنی گونجان و هارمۆنییەتێک لە نێوان توخمەکاندا.

٤-دانانی بابەتەکە بە شێوازێک سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و چێژ لە خوێندنەوەی وەربگرێت.

٥-پێدانی ناسنامەی ڕوخساری تایبەت بە ڕۆژنامەکە و جیاکردنەوەی لە بڵاوکراوەی تر.(علم الدين،٢٠٠٠، ٣٨)

٦-بەکارهێنانی باشی تایپۆگرفیی و توخمەکانی تر.

٧- ڕاکێشـــانی ســـەرنجی خـــوێنەر بـــۆ بەردەوامبـــوونی لە گرنگیـــدان بە بڵاوکراوەکە.

٨- بەخشینی جوانی و سەرنجڕاکێشی بە بڵاوکراوەکە.

(designzbyjamz.com، ٢٠١٨: ...)

**پرەنسیپەکانی نەخشەسازی:**

پرەنسـیپەکانی نەخشەسـازی ئەو بنەمـا جیهانییـانەن کە پسـپۆڕان و شارەزایانی بواری دیزاین دایانناون و هەر ئەوانیش بە پێویستی دەزانن, کە لە نەخشەسازی هەموو بڵاوکراوەیەکی چاپکراودا لەبەر چاوبگیرێن و جێبەجـێ بکـرێن کە پێکهـاتوون لەمـانە (دووبـارە بـوونەوە، کێش/جـووڵە، هەمەڕەنگـــی، ڕێککـــردن، دژیەکـــی، جەختکـــردنەوە، بخـــوێنرێتەوە، سـایکۆلۆجیەتی جەمـاوەری پێشـواز، هاوسـەنگی، هـاورێژە، هەمـاهەنگی، پلەبەندی زانیاری، نزیکایەتی). ئەو پرەنسیپانە نیشانەیەکی گرنگی سیمای نەخشەسازی جیهانین بۆ ڕۆژنامە و گۆڤاری چاپکراو". (زانگەر،٢٠٠٥:...).

بەهـۆی ئەوەی پرەنسـیپەکان ژمارەیـان زۆرە و تـوخم و ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانیان فراوانە، بۆیە توێژەر باوترین و گشتگیرترین پرەنسیپ وەردەگرێـت کە سـێ پرەنسـیپی یەکەمە (دووبـارەبوونەوە، کێش/جـووڵە، هەمەڕەنگی) زۆربەی ڕەگەزەکانیان دەرخەری ئامانجی توێژینەوەکەن بەو شـێوەیە ئەوەنـدە لە پرەنسـیپەکان بـاس ئەکرێت کە لە بەشـی پراکتیکیـدا پێویستن بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە، بۆیە باس لە سێ پرەنسـیپی یەکەم دەکەین.

**یەکەم: دووبارەکردنەوە Repetition**

ئەم پەرنسـیپی دووبـارەبوونەوەیە ئـاوێنەی ڕەنگـدانەوەی دیزاینـی بنەڕەتـی ڕۆژنـامەیە Basic Design واتە: دانـانی پەیکەرێکـی گشـتی و

نەگـۆڕ لە ژمـارەیەکەوە بـۆ ژمـارەیەکی تـر، ئەوەش لایەنـی سـەرەکی پرۆسـەی دیزاینـی ڕۆژنـامەیە، ئامـانجیش لەو دیـزاینە گەشـەپێدانی شێوەیەکی بینراوی جیاوازی ڕۆژنامەکەیە، هەر ئەوەش دەبێتە بنچینەی نـوێکردنەوەی ناوەنـاوەی ڕۆژنـامەکە. دیزاینـی بنەڕەتـی ڕێسـایەکی هونەرییە دیزاینەر دەیکاتە بناغەیەک بۆ دۆزینەوەی هەندێک خاڵی نەگۆڕ کە هاوکاری بکەن بۆ نەخشەسازی ڕۆژنامەکە.

(daniellesdooodles، ٢٠١٨: ٥)

مەرجەکانی دیزاینی ڕۆژنامەش لەوەدایە بزانرێت لاپەڕەکانی چەندن و ئاراسـتەی ڕۆژنـامەکە چییە و گۆشـە نەگـۆڕ و لاپەڕە جوولاوەکـانی کامانەن. دەستەواژەی دیزاینی دەرهێنانی بۆ بەکاردەهێنرێت و مەبەست لەو دەسـتەواژەیە ئەوەیە چـۆن مـاددە نوسـراوەکان دابەشـبکرێن بەسـەر لاپەڕەکاندا و کلێشەیەکی گشتی هەبێت بۆ دابەشکردنی ماددەی چاپکراو بەسـەر هەر لاپەڕەیەکدا، کەواتە دیزاینی بنەڕەتی یان نەگـۆڕ بـریتییە لە دیزاینـی هەمیشـەیی ڕۆژنـامەکە، هەر بەگـوێرەی ئەو دیـزاینەش نـاوی چـاپکراوەکە و ژمـارەی لاپەڕەکـان و گۆشـە نەگۆڕەکـان دادەنـرێن و دیزاینەری ڕۆژنامەوانی ئیدی ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی گۆڕانکاری لەو شـتانەدا بکـات. چـونکە ڕۆژنـامەکە ئەو کـاتە ڕواڵەتێکـی گشـتیی هەیە کەسایەتییەکەی دیاریدەکات. (موسی، ٢٠٠٤، ٣٤)

ئەم پرەنسـیپە دووبـارەبوونەوەی تـوخمە بینراوەکـانە، وەکیەکـی نوسـین و شـێوازی هێڵکارییەکـان پیشـانی خـوێنەر دەدات کە بـۆ کـوێ بـڕوات. دووبارەکردنەوە هاوتـایی دروسـتدەکات، هەروەهـا (کێش: ئیقاع) یش دروست دەکات. کاتێک سـەیری وێنەیەک دەکەیت دووبارەبوونەوەی تێـدابێت، ئەوە سـەیری تەنهـا یەک خـاڵ ناکەیـت بەڵکـو چـاوت دەگێڕیـت بەسەر هەموو دووبارەبووەکاندا. دووبارەکردنەوەی توخمی بینراو لەسەر لاپەڕە هاوشـێوەیی و یەکێتـی دروسـت دەکـات لە سـیمای بڵاوکـراوەکەدا،

دەکرێت بڵاوکراوەیەک بە بەردەوامی بناسرێتەوە بەهۆی توخمە دووبارە بووەکانییەوە. (Zangar.Magy. 2005.p8 ).

پرەنسیپی دووبارەبوونەوە لەهەر بڵاوکراوەیەکدا (ڕۆژنامە بێت یان گۆڤار) ئەو ڕەگەزە سەرەکییانە ئەگرێتەوە کە ئەتوانن ببن بە شوناس (هویە) بۆ ناسینەوەی ئەو بڵاوکراوەیە لەلای خوێنەران و جەماوەری پێشوازی، لەنەخشەسازیدا بەهۆی پێنج ڕێگەوە دەتوانرێت دووبارە کردنەوە دروست بکرێت:

١.لۆگۆ: پێویستە لۆگۆ لە هەر بڵاوکراوەیەکدا کە دروست ئەکرێت و دائەنرێ بەردەوام لەهەموو ژمارە جیاوازەکانیدا ڕەگەزی دووبارەبوونەوەی تیادا دەربکەوێت لە ڕووی (شوێن و ڕەنگ و قەبارە و فۆنتی) لۆگۆکەوەو وەک یەکەمین شوناسی ئەو بڵاوکراوەیە سەیر بکرێت و هەرگیز جارێکی تر دەستکاری نەکرێت و بەردەوام وەک یەکەمجار دووبارەببێتەوە. (عبدالله،٢٠٠٥: ٨)

٢.ناونیشانی بابەتەکان: تایتڵ یان ناونیشان لە دیارترین شوێنی هێدی لاپەڕەی یەکەم داگیردەکات بەجۆرێک کە سەرنجی هەموو خوێنەرێک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، هەر لەپاڵ تایتڵەکە یان ناوەکە، لۆگۆیەک دادەنرێت و ئاماژەیەک دەدرێت بۆ ناساندنی واتای ناوەکە. بۆ نموونە: ڕۆژنامەی دەستووری ئوردونی وێنەی ئارمی ڕۆژنامەی دەستوور لەپشتی ناوەکەوە دادەنێت، زۆربەی ڕۆژنامەکانی دنیاش ناوەکانیان لەشوێنەوارە جوگرافییەکانی ئەو وڵاتە وەرگرتووە کە تیایدا دەردەچن، بێجگە لە گرنگترین ئەو ڕووداوە سیاسییانەی لە وڵاتەکەدا ڕوودەدەن. (الصقر،٢٠٠٦، ٨٢) ناونیشانەکان لە هەر ژمارەیەکی ئەو بڵاوکراوەیەدا لە ڕووی (باکگراوند و قەبارە و ڕەنگ و فۆنت)ەوە پێویستە پرەنسیپی دووبارەبوونەوەیان هەبێت، لەسەر بنەمای ئەوە هەڵسەنگاندن بۆ

شوناســی ئەو بڵاوکــراوەیە ئەکرێــت، لەکــاتی گونجانیانــدا بڵاوکــراوەکە شوناسێکی سەربەخۆ و ناسراوی دەبێت.

٣. هێدەر و فـوتەر: پێویسـتە هێـدەر و فـوتەر لە ڕووی (سـەرەتا و کۆتـایی) هێـدەرەکەدا، واتە: نووسـینە پێویسـتەکانی سـەر هێـدەر وەک: (ژمـارەی ڕۆژنـامەکە و بەروار)، هەروەهـا (بـوون و نەبـوون)ی هێـدەر و فـوتەر، بەهەمـان شـێوە لە هەمـوو ژمارەکانیـدا دووبـارەببێتەوە، واتە: ناکرێـت لە ژمارەیەکـدا هێـدەر و فـوتەر هەبـن لە ژمـارەیەکی تـردا نەبـن، یـاخود زانیارییەکانی ناو هیدەر لەهەر ژمارەیەکدا بەجۆرێک بن.

٤. مانشـێت: پێویسـتە مانشـێت هەمـان دووبـارەبوونەوەی هەبێت لەهەمـوو ژمارەکـانی بڵاوکراوەکەدا لە ڕووی: (شـوێن و جـۆر و قەبـارەی فۆنـت و ڕەنــگ)ەوە، لەبەرئەوەی هەمیشــە مانشــێت ڕووبەرێــک لەلاپەڕەکــان دادەپۆشێت بۆیە دەبێتە بەشێک لە شوناسی و پێویستە چوونیەکییەک لە نووسـینی فۆنـت و ڕەنگـی فـۆنتەکەوە لەبەرچاوبگیرێـت تـاخوێنەر ئەو بڵاوکراوەیە بەو سیمایەی بناسێتەوە.

٥. تێکسـت: پێویسـتە هەمـان دووبـارەبوونەوەی هەبێت لە ڕووی: (جـۆری فۆنـت، بۆشـایی نێـوان دێڕەکـان، قەبـارە، ژمـارەی سـتوونەکان)یەوە. (زانگەر،٢٠٠٥:...).

**دووەم: پرەنسیپی هەمەڕەنگی Variety**

کاتێـک چەنـد شـێوەیەکی لەیەکچوومـان هەیە، بەڵام ڕەنگەکانیـان جیاوازن، کەواتە هەمەڕەنگی دروست دەبێت، دیزایین بەبێ هەمەڕەنگی بێزارکەرە. جیـاوازی پێکهاتەکـان هەمەڕەنگی دروسـتدەکات، بـۆ نموونـە ڕەنگەکانی وەک: ڕەش، سپی، سەوز، سوور، شین، قاوەیی، نیلی، زەرد، مۆر، وەنەوشەیی، خۆڵەمێشی...

هێڵ: ئەستور و باریک و کورت و گۆشە و چەماوە...

جیهـانێکی بێـزارکەر دەبـوو ئەگەر هەمـوو شـتەکانی نـاوی هەمـان ڕەنگیـان هەبـوایە، یـان هەمـوو کەسـەکان هەمـان کەسـێتییان هەبـوایە، هەمەچەشنەیی بەدەست دەهێنرێت بەبەکارهێنانی پێچەوانەیی یان دژیەکی بەهێز. گۆڕینی قەبارەو گۆشەی ماددەیەک هەمەچەشنی و بایەخ دەدات بە وێنە بینراوەکە.. (variety magazine covers 1940's: ...) کاتێک چەند شـێوەیەکی لەیەکچوومـان هەیە، بەڵام ڕەنگەکانیـان جیـاوازن، کەواتە هەمەچەشنەیی دروست دەبێت, دیزایین بەبێ هەمەچەشنەیی بێزارکەرە. جیـاوازی پێکهاتەکـان هەمەچەشـنەیی دروسـتدەکات: هێـڵ: بـاریکی، ئەستوری، نرخ و بەها، ڕەنگ، درێژی، سوچ گۆشە.

شێوە: قەبارە، ڕەنگ، ڕیزکردن، چنین.

ڕەنگ: بۆیە، تێربوون.

بەها: تاریکی، ڕووناکی، دژیەکی بەها، یان جیاوازیی بەها.

چنین: زبر، ساف....تاد. (wikispaces.com، ٢٠١٨: ..)

کەواتە ئێسـتا ئەگەیـنە ئەو دەرئەنجـامەی پێویسـتە ئێـمەش لەمەودوا بەرەچاوکردنی ئەو پرەنسـیپانەی لەبواری زانسـتێکی گرنـگ و نـوێی وەک هـونەری نەخشەسـازیدا هەیە کـاربکەین و چیـتر بەشـێوەی هەڕەمەکـی و نازانسـتی ڕۆژنـامە و گۆڤـار و وێبسـایت و پۆسـتەر.... هتـد نەخەیـنە بەردەست خوێنەر. (شاسواری، ٢٠١٣. ٣٢٦)

ڕەنگەکـان بەهەمـوو جۆرەکانیـانەوە بەپێـی جـۆری بەکارهێنـانی تایبەتییـان لە ڕووی هـونەرییەوە ئەتـوانن ببـنە بـابەتی جەختکـردنەوە و بەچەندین ستایل ئەم دۆخە نیشان بدەن:

* ڕەنگە سروشتییەکان: وەنەوشەیی، نیللی، شین، سەوز، زەرد، پرتەقاڵی، سوور

* ڕەنگە سەرەکییەکان: سوور و شین و زەرد.

* ڕەنگە دوانەییەکان: وەک بنەما سیانن: سەوز و پرتەقاڵی و مۆر.

سەوز = شین و زۆرد

پرتەقاڵی = سوور و زەرد

مۆر = شین و سوور

* ڕەنگە سەربەخۆکان (بێلایەنەکان): سپی و ڕەش.

* ڕەنگە گەرمەکان: زەرد و سوور و پرتەقاڵی.

* ڕەنگە ساردەکان: شین و مۆر و سەوز.

( Zangar.Magy. 2005.p16)

**سێیەم: پرەنسیپی کێش/جووڵە Rhythm/Movement**

هەر نەخشەسازیەک پێویستی بە جۆرێک لە ئینێرجی هەیە، بۆ بەخشینی جووڵە بە گیانی ئەو کارە هونەرییەی کە دروستکراوە، ئەگەر ئەم خاڵەی تێدانەبوو زوو لەلایەن بینەریەوە فەرامۆش ئەکرێت، زوو بیر ئەچێتەوە لە زیهنی بینەردا نابێتە وێنایەکی گوزارشتکار. (شاسواری، ٢٠١٣. ٣٢٢) هەر شتێک کە ببێتە هۆی دروستکردنی جووڵە لەکارە هونەرییەکەتدا ئەوە کێشی نەخشەسازییەکەت لەلای جەماوەری پێشواز بەنرختر و قورس تری ئەکات، ئایا تێبینی ئەوەت کردووە کامێرامان و ڕۆژنامەنووسەکان کاتێ ئامادەی کۆڕ و وۆرکشۆپ و لێدوان و کۆنگرە

ڕۆژنامەنووسـییەکانی کەسـایەتییە ناودارەکـان ئەبـن، وێـنە نـاگرن هەتـا بێجـووڵە تەنهـا قسـە ئەکـات بەڵام لەگەڵ دەسـتی یـان پەنـجەی جووڵانـد چـرکەی فلاشـی کامێراکـان کـۆنگرەکە ئەکـاتە یەکپـارچە چراخـان، بـۆ؟ وەڵامـی ئەم پرسـیارەت ئەوە ئەگەیێنێـت ئێسـتا لە چەمکـی جـووڵە و ئینێرجی تێگەیشتوویت یان نا ؟! (artapprenticeonline.com، ٢٠١٨: ...) کێش لە نەخشەسازیدا لەو ڕووەوە بەها پەیدا ئەکات بۆ ڕۆژنامە یان گۆڤارەکەت کە بەهۆیەوە بتوانرێت هاوسەنگی نێوان نووسین و وێنەکان لەلایەک و گۆشە جیاوازەکانی لەلایەکی تر بپارێزرێت، وشە و وێنەکانی هـەر بڵاوکراوەیـەک بەشـێوەیەک دابەشـبکرێن بـەسـەر ڕووپـەڕی بڵاوکراوەکەدا کە کێش و قورسایی هیچ لایەک نەبێتە ئاستەنگی سەرنج ڕاکێشی لاپەڕەکانی بڵاوکراوەکە بۆ خوێنەر.

جـووڵە: هەر شـتێک کە ببێـتە هـۆی دروسـتکردنی جـووڵە لەکـارە هونەرییەکەتدا ئەوە کێشی نەخشەسازییەکەت لەلای جەماوەری پێشـواز بەنرختـر و قـورس تـر ئەکـات، بـڕوانە دوو وێـنە هەر هـی یەک کەسـی دیـاریکراو لەیەک بـارودۆخ و تەنـانەت لەیەک زەمەنـی تایبەتیشـدا بەڵام وێنەیەکیـان پێئەکەنێت و وێـنەکەی تـر زۆر ئاسـایی و بەبـێ ئیمـائەیەکی تایبەت سەیری کامێراکەی کردووە کاتی وێنەکەی گیراوە، ئایا کام لەم دوو وێـنەیە ئەبێـتە بـابەتێکی سـەرنج ڕاکـێش لەلای جەمـاوەر لەو ڕۆژنـامەیەدا کە تـۆ نەخشەسـازی بـۆ ئەکەیـت؟ (rhythmicmovement.org، ٢٠١٨: ...) جـووڵە یەکـێکە لەخەسـڵەتە جیاوازەکانی یەکەی بینین لەکاری دیزایندا، چ دیزاینەکە بەڕاستی جووڵاو بێـت یـان وەسـتاو بێـت، ئامـانجی جـووڵەش لەدیزایـندا دۆزیـنەوەی دابەشکارییەکە بۆ توخمە تایپۆگرافییەکان بەجۆرێک کە بەردەوامبوونی جووڵەی چـاو بپارێزێت لەسنووری لاپەڕەکەدا هەتـا سـەرنجی نەڕوات. (موسـی، ٢٠٠٤، ٣٦) لە دیـزاینە دوو ڕەهەندییەکانـدا بە ڕۆژنامەشـەوە، جـووڵەکردن زیهنیـیە، واتە هەسـتکردنە بەبـوونی جـووڵە لە شـتێکی

وەستاودا، وەک ئەو جووڵە دیارەی وێنە وەستاوەکان کە لە فیلمی سینەماییدا بەو پێیەی وێنە وەستاوەکان بەخێرایی بە بەرچاودا تێدەپەڕن، جووڵەش لە لاپەڕەی چاپکراودا لەڕێگەی ئاراستەی توخمە تایپۆگرافییەکانەوە دروستدەبێت. سێ جووڵەی بنەڕەتی هەن بۆ کۆنترۆڵکردنی جووڵەی دیزاینی لاپەڕەیەک، ئەوانیش بریتین لە:

جووڵەی یەکەم: جووڵەی ئاسۆیی (بەئاراستەی ئاسۆییدا)، ئەمەیان ڕاڕەوی چاوە لە کاتی خوێندنەوەدا لە ڕاستەوە بۆ چەپ یان بەپێچەوانەوە، بەگوێرەی خووی بینین لە کۆمەڵگاکاندا، هەروەها لە کاتی سەیرکردنی توخمە بینراوەکانی وەک وێنە ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسۆیی ڕێکخرابوون.

جووڵەی دووەم: جووڵەی شاقووڵییە (بەئاراستەی ستوونی)، ئەمیشیان ئاڕاستەی شاقووڵی بینینە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازیی نییە، توێژینەوەکانی بواری بینین ئەوەیان سەلماندوە کە ئاراستەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئاسانترە لەئاراستەی پێچەوانە، چونکە ئەوە بۆ جووڵەی سۆمای چاو ئاسانترە، هەروەک چۆن لەگەڵ یاسای بەکێشکردنی زەویشدا دەگونجێت، ئەم جووڵەیەش یارمەتیدەرە بۆ سەیرکردنی ئەو وێنانەی بەشێوەیەکی شاقووڵی ڕێکخراون، هەروەها بۆ گوازرانەوە لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر، توخمە شاقووڵییەکانیش ئەگەر بارگەیەکی دینامیکی جووڵاویان بدرێتێ هاوسەنگتر دەردەکەون.

جووڵەی سێیەم: جووڵەی بەرەودوایە (بەئاراستەی لە پێشەوە بەرەو دواوە)یە، بەقووڵیش ناودەبرێت، بۆ کاتی هەستکردنیش بەهەندێک توخم باشە کە لەباکگراونددا دانراون و لەسەر لاپەڕە چاپکراوەکە بیرۆکەی ڕەهەندی سێیەم دەهێنێتەدی. باشترە لەکاتی دەرهێنانی دیزاینی لاپەڕەیەکدا، شتە سەرنجڕاکێشەکان بەجۆرێک دابەش بکرێن کە بەردەوامی بدەن بەجووڵەی چاو لە سنووری بینیندا.

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە خاڵی سەرەتای ڕۆژنامە، ئەو یەکەمین خاڵەیە کە چاوی مرۆڤەکان دەکەوێتە سەری، ئەوەش بەگوێرەی خووەکانی بینین لای کۆمەڵگا دەگۆڕێت، لە چاپکراو و ڕۆژنامەکاندا چاو لە ڕاڕەوی ئاسایی خۆیدا لە خاڵێکی سەرەتایی خۆیەوە دەکەوێتە جووڵە کە دەکەوێتە بەشی ڕاستی سەرەوەی لاپەڕە و بەئاراستەیەکی تیرەیی کۆتایی دێت. (شعبان، ١٩٨٦: ٨٢) لەبەر ئەو هۆیە دیزاینەران تەرکیز دەخەنە سەر ئەو سەرەتایەی چاو لە یەکەمین نیگاوە بەلای خۆیدا ڕایدەکێشێت، پاشان بەکێشکردنی چاوەکە دێت بەپێی پلانی دیزاینەرەکە و دواتر گەڕان بەدوای هەر شتێکدا کە چاو پەلکێشبکات لەڕێگەی هارمۆنیای جووڵەوە کە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی زیندوویەک لەماددە چاپکراوەکەدا. بەهەمان شێوە لێکنەچوون لەڕووی بەهای تیشکییەوە هەستێک بەجووڵە دروستدەکات، هەر وەک هێڵەکانی نێوان ڕۆشنایی و تاریک و بەگەڕخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو هێڵانە و کۆی فەزای لاپەڕەکە، هەستی جووڵە بەبینەر دەبەخشێت. (موسی، ٢٠٠٤، ٣٧)

**بەشی سێیەم**

**بەشی مەیدانی**

**پێشەکی:**

لەبەشی تیۆری توێژەر ئاماژەی بە پرەنسیپەکان کرد بۆ ئەوەی بەشێوەی مەیدانی کاریان لەسەر بکرێت و بەسەر هەردوو سامپڵی توێژینەوەکەدا جێبەجێبکرێن (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار)، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە پرەنسیپە یەکەمەکانی (دووبارە بوونەوە، هەمەڕەنگی، کێش و جووڵە) هەڵبژێررێن، بەمەبەستی گەشتن بەو ئەنجامەی تاچەند ئەو پرەنسیپانە ڕەچاوکراون و پەیڕەو کراون لە سامپڵی توێژینەوەکەدا، چونکە ناتوانرێت لە توێژینەوەیەکی وەهادا

بەشـێوەیەکی زانسـتیی ورد تەواوی پرانسـیپەکان شـیکاربکرێن، بەهـۆی ئەوەی پرەنسـیپەکان ژمارەیـان زۆرە و تـوخم و ڕەگەز و تایبەتمەنـدییان فراوانە، بۆیە توێژەر یەکەمین و گشـتگیرترین پرەنسیپ وەردەگرێت کە زۆر لە ڕەگەزەکانیـان هەمـان ڕەگەزەکـانی تـری پرەنسـیپەکانی تـرە و دەکرێنە پێوەر بۆ زانینی ئاستی پەیڕەوکردنی نەخشەسازیی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیاردا.

**بەرنامەی کۆمپیوتەری بۆ نەخشەسازی**

لەبەرئەوەی بەشـی مەیـدانی تـوێژینەوەکە پەیوەندیـدارە بەهەردوو بڵاوکـراوەی (کوردسـتانی نـوێ و بڕیـار) و ئەوانـیش هەردووکیـان ڕاسـتەوخۆ بە بەرنـامەی Adobe In Design دیـزایین دەکـرێن. تـوێژەر بەپێویستی دەزانێت سەرەتا بەرنامەکە بناسێنێت.

بە ڕای شـارەزایان و نەخشەسـازانی ئەمـڕۆ باشـترین بەرنـامە بـۆ نەخشەسـازی ڕۆژنـامەگەری لە ئێسـتادا بەرنـامەی Adobe In Design ئەویـش لەبەر ئەو هەمـوو کارئاسـانییەی کە لە بەرنـامەکەدا هەیە و بەردەسـتە بـۆ نەخشەسـازان. هەر وەک لەنـاوەکەیەوە دەردەکەوێـت بەرنـامەی Adobe In Design کۆمپانیـای Adobe بەتـایبەت بـۆ نەخشەسازی دایهێناوە.. سوودی ئەم بەرنامەیە ئەوەیە تا ئەمڕۆ زۆرترین خەسـڵەتی لە بـواری نەخشەسـازی ڕۆژنامەگەریـدا بەرکەوتـووە، پـاش فێربوونی هونەرەکانی بەکارهێنانی ئەم بەرنامەیە، بەکەمترین ماندووبوون جوانترین نەخشەسازی پێ ئەنجام دەدرێت، کە بە بەرنامەکانی (وۆرد و پەپلیشـەر و ئەوانـی تـری پـێش ئەم) بەو ڕادەیە نەبـوون لە دیزاینکردنـی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بەرگی CD و DVD بەکاردەهێنرێت.

## ناساندنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

ڕۆژی ١٩٩٢/١/١٢ ژمارە سفری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەرچوو و بووە یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، ڕۆژنامەکە لەشاری هەولێر و لە چاپخانەی ڕۆشنبیری چاپکرا، پاشان ژمارە ١ ی ڕۆژنامەکە لە ڕۆژی ١٩٩٢/١/٢٦ چاپ و بڵاوکرایەوە و وەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەردەوام بوو، ناوی ڕۆژنامەکە گوزارشتە لە کوردستانێکی نوێ دوای ڕاپەڕین کە جیاوازبێت لە کوردستانی پێش ڕاپەڕین. (بارەگای کورستانی نوێ. ٢٠١٨: ..) لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٣ دا چەند ئامێرێکی کۆمپیوتەر لە وڵاتانی دەرەوە هێنران و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ناوەوەی کوردستان کە بابەتەکانی بە ئامێری کۆمپیوتەر چاپدەکران.. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ سەرەتا بە ٨ لاپەڕەی قەبارەی تابلۆید دەردەچوو پاشان ژمارەی لاپەڕەکانی کراوەتە ١٢ لاپەرە، لەساڵی ٢٠٠٤ ەوە تا کراوەتە ١٦ لاپەڕە، ئێستا هاوپێچ لەگەڵ ١٦ لاپەڕەکەدا پاشکۆش دەردەچێت.

لە ژمارە ١ تاکو ٨١ ڕەنگی ڕۆژنامەکە ڕەش و سپی و سوورە، لەژمارە ٨٢ تا ٩٤ ڕەنگی ڕۆژنامەکە ڕەش و سپی و سەوزە، لە ژمارە ٩٥ تا ١٠٢ ڕەنگی ڕەش و سپی و سوور بەکارهاتۆتەوە، پاش ماوەیەک زیاتر ڕەنگی سەوز کاری لەسەرکراوە، تاوەکو ئێستاش بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە بەردەوامە و ڕەنگی باڵادەستە لە ڕۆژنامەکەدا. (بارەگای کورستانی نوێ. ٢٠١٨:)

ئامانج لە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نمایشکردنی سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، کە ڕۆژنامەی زمانحاڵی ئەو حزبەیە، سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکەشیدا بایەخ بە لایەنی

جۆراوجـۆری دیـکەی وەک لایەنـی کـۆمەڵایەتی و یاسـایی و ژینگەیـی و زانستی و ئەدەبی و هونەریی و ڕۆشنبیریش دەدات. (عابد، ٢٠١٧: ١٠٠)

**ناساندنی گۆڤاری بڕیار:**

ئەم گۆڤارە (بڕیار) یەکەمین گۆڤاری کارگێڕی و گەشەپێدانی مـرۆییە لە کوردســـتاندا، لەگەڵ ئەو هەمـــوو ئاســـتەنگ و کێشـــانەی کە بـــۆ ڕۆژنامەگەری چاپکراو هـاتووەتە پێشـەوە لە هەرێمی کوردسـتاندا هێشـتا ئەم گۆڤـارە بەردەوامتـرین گۆڤـاری چـاپکراوە کە لە کـاتی خۆیـدا دەگـاتە دەست خوێنەرانی.

ژمارەی یەکەمی لە (مـانگی ٦ / ٢٠٠٨) بڵاوکراوەتەوە و تـا ئێسـتاش بەردەوامە، خـاوەنی ئیمتیـازی: ئەنـدازیار مەسـعود تـاهیر ڕۆژبەیـانی و سەرنووسەری: عادل محەمەد شێخانی و بەرێوەبەری نووسینی: بەرزان ئەبـوبەکر و دیـزاین: جەمـال دەروێـش و قەیـدار ڕەحـیم و پشـتیوان عەبولڕەحمـانە و لەچاپخـانەی سـەردەم لەشـاری سـلێمانی چاپـدەکرێت. سەرەتا بەشێوەی A٤ و ئێستاش پاش قەیرانی ئابووری بووە بە شێوەی A٥ بەڵام کوالێتی و هەمەڕەنگی خۆیی هەر پاراستووە، کە ئەوە لە ڕووی نەخشەســازییەوە زۆر گــرنگە بــۆ هەر بڵاوکــراوەیەک. لەو مــاوەیەدا بەشـێوەیەکی مانگـانە و هەمەڕەنـگ و لە دووتـوێی ٥٠ لاپەڕەدا و لەکـاتی خۆیـدا بڵاوکـراوەتەوە، لەڕووی زانسـتییەوە ئەم گۆڤـارە دەچێـتە ڕیـزی (ڕۆژنـامەگەری تایبەتمەنـد) چـونکە گۆڤـارێکی تـایبەتە بە کـارگێڕی و گەشەپێدانی مرۆیی و زۆرترینی بابەتەکانی لەو تەوەرەیە دەسوڕێنەوە.

(بارەگای گ.بڕیار. ٢٠١٨: ..)

## دیاریکردنی سامپڵی توێژینەوە:

وەک سـەرەتا باسـکرا بـۆ هەرکـام لە بڵاوکراوەکـان شـەش خـول وەرگیـراوە لەسـەرەتای دەرچـوونی هەر یەکێکیـانەوە تـا خـولی شەشـەم (سەرەتای١٩٩٢ بۆ سەرەتای ٢٠١٦) چونکە لەسەرەتای هەر خولێکیاندا لۆگۆکانیان گۆڕیووە، لۆگۆیش یەکێک لە دیارترینی شوناسی بڵاوکراوە لەلای خـوێنەران و دیـارترین ڕەگەزی پرەنسـیپی دووبـارەبوونەوەیە لە نەخشەسازیدا.

هەر کـام لە بڵاوکراوەکـان لە چ ژمـارەیەکەوە لۆگۆکانیـان گۆڕیـووە نوسـخەی یەکەم بەسـامپڵ وەرگیـراوە، سـەرەتای هەر خـولێکیش لە ڕۆژنامە کوردستانی نوێدا بەم ژمارە و بەروارانە بووە: (ژسفر ی ١٢/ ١ / ١٩٩٢) و (ژ١٠٠٠ ی ١ / ٦/ ١٩٩٥) و (ژ٢٠٠٠ ی ١٤ / ١١/ ١٩٩٩) و (ژ٣٠٠١ ی ٢ / ٣/ ٢٠٠٣) و (ژ٥٠٠٦ ی ٢٣ / ١٠/ ٢٠٠٩) و (ژ٦٨٦٢ی ٣ / ١/ ٢٠١٦).

هەروەها گۆڤاری بڕیاریش بەهەمـان شـێوە بەم شـێوەیە وەرگیـراوە: (ژ١ی ئایـاری ٢٠٠٨) (ژ١٢ی ئایـاری ٢٠٠٩) و (ژ٢٤ی ئایـاری ٢٠١٠) و (ژ٢٦ی تەمموزی ٢٠١٠) و (ژ٥٠ی تەمموزی ٢٠١٢) و (ژ٧٠ی تەمموزی ٢٠١٤).

## پرەنسیپی یەکەم: دووبارەبوونەوە

خشتەی١

پەیرەوکردنی پڕەنسیپی دووبارەبوونەوە لە کوردستانی نوێدا ڕووندەکاتەوە

| زنجیرە | ڕەگەزەکانی دووبارەبوونەوە | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تێکست | ٤٣٢ | ٣٩,٧٧ | ١ |
| ٢ | ناونیشانی بابەتەکان | ٣٢٤ | ٢٩,٨٣ | ٢ |
| ٣ | هێدەرو فوتەر | ٢١٦ | ١٩,٨٨ | ٣ |
| ٤ | مانشێت | ١,٨ | ٩,٩٤ | ٤ |
| ٥ | لۆگۆ | ٦ | ٠,٥٥ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ١,٨٦ | %١٠٠ | |

خشتەی٢

پەیرەوکردنی پڕەنسیپی دووبارەبوونەوە لە بڕیار دا ڕووندەکاتەوە

| زنجیرە | ڕەگەزەکانی دووبارەبوونەوە | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تێکست | ٢٦٠ | ٤٣,٠٤ | ١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ناونیشانی بابەتەکان | ٢٥٢ | ٤١,٧٢ | ٢ |
| ٣ | مانشێت | ٥٠ | ٨,٢٧ | ٣ |
| ٤ | هێدەرو فوتەر | ٣٦ | ٥,٩٦ | ٤ |
| ٥ | لۆگۆ | ٦ | ٠,٩٩ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ٦٠٤ | %١٠٠ | |

**شیکردنەوەی خشتەکانی پرەنسیپی دووبارەبوونەوە:**

بەسەیرکردنی خشتەی ژمارە (١) و (٢) بۆمان دەردەکەوێت کە تایبەتمەندی ڕەگەزەکانی پرەنسیپی دووبارەبوونەوە لەم خاڵانەدا چڕ دەبنەوە:

١. تێکست: لێرەدا شیکردنەوە بۆ ناوچەی زیندوو ( live matter area) کراوە ئەوەی کە لە لاپەڕەدا وەک نووسین/دەق/تێکست لە ڕۆژنامە و گۆڤارکەدا دەردەکەوێت. کە پێویستە هەمان دووبارەبوونەوەی هەبێت لە ڕووی (جۆری فۆنت، بۆشایی نێوان دێڕەکان، قەبارەی نووسین، ژمارەی ستوونەکان)ی تێکست، لەسەر بنەمای ئەو خاڵانە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە کراوە، هەروەک دەردەکەوێت لەهەردوو بڵاوکراوەکەدا بەپلەی یەکەم دێت و لە کوردستانی نوێ ڕێژەی ٣٩,٧٧% ی بەرکەوتووە و لە گۆڤاری بڕیاریش ڕێژەی ٤٣,٠٤% هێناوە، کە ئەمە زۆرباشە و نیشانەی ئەوەیە بڵاوکراوەکان لە نەخشەسازی تێکستدا زۆرترین پابەندبوونیان بە پرەنسیپەکانی نەخشەسازییەوە هەبووە.

٢. ناونیشـــانی بابەتەکـــان: پێویســـتە لە ژمـــارە وەرگیراوەکـــانی بڵاوکراوەکاندا ناونیشانەکان هەمان دووبارەبوونەوەیان هەبێت لە ڕووی (باکگراونـــد و قەبـــارە و ڕەنـــگ و فۆنـــت) ەوە، لەســـەر ئەو بنەمـــایە هەڵســەنگاندن بۆ هەرکام لە ژمارەکانی بڵاوکراوەکان کراوە، دەبینرێت ناونیشان زۆرباش پەیڕەوی پرەنسیپی دووبارەبوونەوەی کردووە بۆیە لەهەر ٦ ژمارەکەدا کوردستانی نوێ پلەی دووەمی بەڕێژەی ٢٩,٨٣% بەرکەوتـــووە و گۆڤـاری بڕیـاریش ڕێــژەی ٤١,٧٢% هێنــاوە، کە ئەوە نیشانەی ئەوەیە وەک پێویست (باکگراوند و قەبارە و ڕەنگ و فۆنت) ی ناونیشانەکان لەژێر پرەنسیپەکاندا کاریان بۆ کراوە بەپێی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی گونجاو و شیاون.

٣. هێدەر و فوتەر: پێویستە  هێدەر و فوتەر لە ژمارە وەرگیراوەکانی ڕۆژنـــامەکەدا هەمـــان دووبارەبوونەوەیـــان هەبێـت لەڕووی (ســـەرەتا و کۆتـــایی) هێـــدەرەکە،  واتە: نووســـینە پێویســـتەکانی ســـەر هێـــدەر وەک: (ژمـارەی ڕۆژنـامەکە و بەروار)، هەروەهـا (بـوون و نەبـوون) ی هێدەر و فـــوتەر، لەســـەر ئەو بنەمـــایە هەڵســـەنگاندن بـــۆ هەرکـــام لە ژمارەکـــانی بڵاوکراوەکان کراوە، دەبینرێت لە کوردستانی نوێ بە ڕێژەی ١٩,٨٨% لە پلەی سێیەمدایە و گۆڤاری بڕیاریش بە ڕێژەی ٥,٩٦% پلەی چوارەمی بەرکەوتووە.

٤. مانشـێت:  پێویســتە مانشـێت هەمـان دووبـارەبوونەوەی هەبێـت لەڕووی: (شـوێن و جـۆر و قەبـارەی فۆنـت و ڕەنـگ)ی مانشـێت، لەسـەر بنەمای ئەو خاڵانە هەڵسـەنگاندن و شیکردنەوە بۆ مانشێتەکان کراوە، لە ئاکامـدا دەرکەوتـووە مانشـێت لە کوردســتانی نـوێ بە ڕێـژەی ٩,٩٤% بەپلەی چوارەم دێت و لەگۆڤاری بڕیاریش بە ڕێژەی ٨,٢٧% لە پلەی سێیەمدا دەوەستێت.

٥. لۆگـۆ: پێویسـتە لۆگـۆ لە ژمـارە وەرگیراوەکـانی بڵاوکراوەکانـدا هەمـان دووبـارەبوونەوەی هەبێت لە ڕووی (شـوێن و ڕەنـگ و قەبـارە و فـــۆنتی) لۆگـــۆ کەوە، چـــونکە دیـــارترین ڕەگەزی پرەنســـیپی دووبـارەبوونەوەیە لەنەخشەســازیدا.. لەســەر بنەمــای ئەو ڕەگەزانەش هەڵســـەنگاندن و شـــیکردنەوەی بـــۆ کـــراوە، بەڵام بەداخەوە وەک دەردەکەوێـت هیچکـام لە بڵاوکراوەکـان گرنگییـان بە جێگیریـی ڕەگەزی لۆگـۆ نەداوە بـۆیە وەک لە خشـتەکەدا دیـارە لۆگـۆ لەهەر ٦ ژمـارەی بڵاوکراوەکاندا گۆڕانکاری بەسـەردا هـاتووە بۆیە کوردستانی نوێ پلەی پێنجەمـی بە ڕێـژەی ٠,٥٥% ی بەرکەوتـووە و لە گۆڤـاری بڕیـاریش ٠,٩٩% ی هێنـــاوە، کە لۆگـــۆ شوناســـی ڕۆژنـــامەیە و لە ڕووی پرەنسیپەکانی دیزاینەوە نابێت بەهیچ پاساوێک گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

**پرەنسیپی دووەم: هەمەڕەنگی**

خشتەی٣

پەیرەوکردنی پرەنسیپی هەمەڕەنگی (بەکارهێنانی ڕەنگ) لە کوردستانی نوێدا ڕووندەکاتەوە

| ڕەنگ | ڕەش | سپی | سەوز | سور | شین | قاوەیی | نیلی | زەرد | مۆر | وەنەوشەیی | خۆڵەمێشی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دووبارەبوونەوە | ٢١ | ٣٤ | ٤٣ | ١٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٧٨ |

| ڕێژەی% | ٣٤,٢٦ | ٣٥,٣٩ | ٢٠,٢٢ | ١٠,١١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | %١٠٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

خشتەی ٤

پەیرەوکردنی پڕەنسیپی هەمەڕەنگی (بەکارهێنانی هێڵ) لە کوردستانی نوێدا ڕووندەکاتەوە

| بەکارهێنانی هێڵ | ئەستور | باریک | درێژ | کورت | گۆشە | چەماوەیی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دووبارەبوونەوە | ٢٤ | ٥٤ | ٣٩ | ٥٧ | ٣ | ٠ | ١٧٧ |
| ڕێژەی% | ١٣,٥٥ | ٣٠,٥٠ | ٢٢,٠٣ | ٣٢,٢٠ | ١,٦٩ | ٠ | %١٠٠ |

خشتەی ٥

پەیرەوکردنی پڕەنسیپی هەمەڕەنگی (بەکارهێنانی ڕەنگ) لە بڕیاردا ڕووندەکاتەوە

| ڕەنگ | ڕەش | سپی | سەوز | سور | شین | قاوەیی | نیلی | زەرد | مۆر | وەنەوشەیی | خۆڵەمێشی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دووبارەبوونەوە | ٢٥ | ٢٥ | ٦٧ | ٧٢ | ٥٤ | ١٩ | ٢٤ | ٤٤ | ٢٨ | ٤١ | ١٧ | ٤١٦ |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی% | ٢ | ٢ | ١٦,١٠ | ١٧,٣٠ | ١٢,٩٨ | ٤,٥٦ | ٥,٧٦ | ١٠,٥٧ | ٦,٧٣ | ٩,٨٥ | ٤,٠٨ | ١٠٠% |

خشتەی٦

پەیرەوکردنی پڕەنسیپی هەمەڕەنگی (بەکارهێنانی هێڵ) لە بڕیاردا ڕووندەکاتەوە

| بەکار هێنانی هێڵ | ئەستوور | باریک | درێژ | کورت | گۆشە | چەماوەیی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دووبارەبوونەوە | ١٢ | ١٨ | ١٤ | ٢٩ | ٣ | ١١ | ٨٧ |
| ڕێژەی% | ١٣,٧٩ | ٢٠,٦٨ | ١٦,٠٩ | ٣٣,٣٣ | ٣,٤٤ | ١٢,٦٤ | ١٠٠% |

**شیکردنەوەی خشتەکانی پڕەنسیپی هەمەڕەنگی:**

١. بەکارهێنانی ڕەنگ/ لەپڕەنسیپی هەمەڕەنگی دا بۆ بەکارهێنانی ڕەنگ (خشتەی٣ و ٥) دەبینین: لە کوردستانی نوێدا لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەیەکی ڕەش و سپیە و بۆشایی سپی (White space) ی زۆر ناوچەیەکە لەسەر لاپەڕەیە و لە ناوچەی زیندوودایە (live matter area) بەڵام هیچ تێکست و وێنەی تیا نییە، هەروەها دەبێتە مایەی دروستکردنی هەستێکی کراوەی دەوڵەمەند و سەرنج ڕاکێشێت دروست دەکات بۆ زیاتر حەوانەوەی چاوی خوێنەرە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە قەرەباڵغ نەبێت –

ئەمە بووەتە هۆکاری ئەوەی پلەی یەکەم بۆ ڕەنگی سپی بێت و پلەی دووەمیش بەر ڕەش بکەوێت واتە: ئەو دوو ڕەنگە (ڕەش و سپی) یەکەم و دووەم گرگنترین ڕەنگ بن لە ڕۆژنامەکەدا، لەکاتێکدا لە گۆڤاری بڕیاردا و لەهەمان بەکارهێنانی ڕەنگدا لەبەر ئەوەی تەواوی گۆڤارەکە هەمەڕەنگە (ملون) هەردوو ڕەنگی سوور و سەوز دەبنە پلەی یەکەم و دووەم.

٢. (بەکارهێنانی هێڵ)/ لە پڕەنسیپی هەمەڕەنگیدا بۆ بەکارهێنانی هێڵ (خشتەی٤ و ٦) دەبینین: لە کوردستانی نوێدا لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەیە و بۆکس و ستوون و گۆشەی زۆرە لەو ٦ ژمارەیەدا ١٧٧ هێڵی (ئەستوور و باریک و کورت و گۆشە و چەماوەی) تیا بەکارهاتووە، بەڵام لە بڕیار لەبەر ئەوەی گۆڤارە و هەمەڕەنگە، کەمتر پەنایان بردووەتە بەر هێڵ، بۆیە لەهەر شەش ژمارەکەدا تەنها ٨٧ هێڵیان بەکارهێناوە و پلەی یەکەمیش لە هەردووکیاندا بەر هێڵی کورتمەودا دەکەوێت.

**پڕەنسیپی سێیەم: کێش/جووڵە**

خشتەی٧

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جووڵە بەکارهێنانی (وێنە) لە کوردستانی نوێدا ڕووندەکاتەوە

| کێش و جووڵەی وێنە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| وێنەی بەکارهاتوو بەهێزە | ٤٣ | %٤٧,٧٧ | دووەم |
| وێنەی بەکارهاتوو | ٤٧ | %٥٢,٢٢ | یەکەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لاوازە | | | |
| کۆ | ٩٠ | ١٠٠% | |

خشتەی٨

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جووڵە بەکارهێنانی (ناونیشان) لە کوردستانی نوێدا ڕووندەکاتەوە

| کێش و جووڵەی ناونیشان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ناونیشان بەکارهاتوو بەهێزە | ٥٦ | %٤١,١٧ | دووەم |
| ناونیشان بەکارهاتوو لاوازە | ٨٠ | %٥٨,٨٢ | یەکەم |
| کۆ | ١٣٦ | ١٠٠% | |

خشتەی٩

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جووڵە بەکارهێنانی (بابەت) لە کوردستانی نوێدا ڕووندەکاتەوە

| کێش و جووڵەی بابەت | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| بابەتی بەکارهاتووی بەهێزە | ٨٨ | %٥٢,٣٨ | یەکەم |
| بابەتی بەکارهاتووی لاوازە | ٨٠ | %٤٧,٦١ | دووەم |
| کۆ | ١٦٨ | ١٠٠% | |

خشتەی ١٠

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جوولە بەکارهێنانی (ڕەنگ) لە کوردستانی نوێدا ڕووندەکاتەوە

| کێش و جوولەی ڕەنگ | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| رەنگی بەکارهاتووی بەهێز | ١٠ | %٣٨,٤٦ | دووەم |
| رەنگی بەکارهاتووی لاوازە | ١٦ | %٦١,٥٣ | یەکەم |
| کۆ | ٢٦ | ١٠٠% | |

خشتەی ١١

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جووڵە بەکارهێنانی (وێنە) لە بڕیاردا ڕووندەکاتەوە

| کێش و جووڵەی وێنە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| وێنەی بەکارهاتوو بەهێزە | ٩٣ | ٥٦,٣٦% | یەکەم |
| وێنەی بەکارهاتو لاوازە | ٧٢ | ٤٣,٦٣% | دووەم |
| کۆ | ١٦٥ | ١٠٠% | |

خشتەی ١٢

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جووڵە بەکارهێنانی (ناونیشان) لە بڕیاردا ڕووندەکاتەوە

| کێش و جووڵەی ناونیشان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ناونیشان بەکارهاتوو | ٧٧ | ٦١,١١% | یەکەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەهێزە | | | |
| ناونیشان بەکارهاتوو لاوازە | ٤٩ | %٣٨,٨٨ | دووەم |
| کۆ | ١٢٦ | ١٠٠% | |

خشتەی١٣

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جووڵە بەکارهێنانی (بابەت) لە بڕیاردا ڕووندەکاتەوە

| کێش و جووڵەی بابەت | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بابەتی بەکارهاتووی بەهێزە | ٩٦ | %٧٢,١٨ | یەکەم |
| بابەتی بەکارهاتووی لاوازە | ٣٧ | %٢٧,٨١ | دووەم |
| کۆ | ١٣٣ | ١٠٠% | |

خشتەی ١٤

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جوولە بەکارهێنانی (ڕەنگ) لە بڕیاردا ڕووندەکاتەوە

| کێش و جوولەی ڕەنگ | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
| --- | --- | --- | --- |
| رەنگی بەکارهاتووی بەهێز | ٨٣ | ٦٦,٤% | یەکەم |
| رەنگی بەکارهاتووی لاوازە | ٤٢ | ٣٣,٦% | دووەم |
| کۆ | ١٢٥ | ١٠٠% | |

**شیکردنەوەی خشتەکانی پرەنسیپی کێش/جوولە:**

پرەنسیپی کێش و جوولە لە چوار ڕووەوە بۆ کوردستانی نوێ و بڕیار شیکراوەتەوە:

١. کێش و جوولەی وێنە/(خشتەی ٧ و ١١) لەبەر ئەوەی کوردستانی نوێ ڕۆژنامەیە و لەلایەک زۆربەی وێنەکانی ڕەش و سپین و لەلایەکی تریش لە ١٩٩٢/١/١٢ هوە وەشاندنی دەستپێکردووە – کە ئەو کاتە تەکنۆلۆجیای ئەلەکترۆنی و بڵاوبوونەوەی کۆمپیوتەر – بەو ڕادەیە نەبوو بۆیە پلەی یەکەم بەر وێنەی بەکارهاتووی لاواز دەکەوێت لە

کاتێکدا هیچ کام لەو هۆکارانە لەگۆڤاری بڕیاردا بوونیان نیە بۆیە ئەنجام بەپێچەوانەوەیە و پلەی یەکەم بەر وێنەی بەکارهاتووی بەهێز دەکەوێت.

٢. کـێش و جـوولەی ناونیشان/(خشـتەی ٨ و ١٢) ناونیشـان لە کوردستانی نوێدا بۆ دوو ڕەهەندی بەهێز و لاواز دابەش ئەبێت لەڕووی شێوەی نەخشەسازییەوە نەک ناوەڕۆک، لە ئاکامدا پلەی یەکەم بەر لاواز کەوتووە و پلەی دووەم بەر بەهێز کەوتووە، لە کاتێکدا بەهۆی کوالیتی لە فۆنت و ستایل لە بڕیاردا پلەی یەکەم بەر بەهێز و پلەی دووەم بەر لاواز کەوتووە.

٣. کێش و جوولەی بابەت/(خشتەی ٩ و ١٣) لە ڕووی نەخشەسازی بابەتەوە بۆ ئەم پرەنسیپە هەردوو بڵاوکراوەکە بە ڕێژەی جیاواز بابەتی بەکارهاتووی بەهێز پلەی یەکەمی هەیە و لاوازیش پلەی دووەم کە ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت: هەردوو بڵاوکراوەکە بە ڕێژەیەکی زۆرباش گرنگییان بەنەخشەسازی بابەت داوە چ لەڕووی کێشی بابەتەکان لە دوو لاپەڕەی بەرامبەر یەکدا کە یەک یەکەی بینراو پێکدەهێنن، لە ڕۆژنامەدا پێی دەڵێن (Double Truck) دەبڵ تراک و بەگشتی پێیشی دەڵێن: (Spread) کە بریتییە لەو دوو لاپەڕەیەی کە لە تەنیشتی یەکەوەن، پێویستە نەخشەساز ئاگادار بێت لە کاتی دیزایین کردنیدا چونکە کاریگەرییان هەیە بۆ سەر یەکتری.

٤. کـێش و جـوولەی ڕەنگ/(خشـتەی ١٠ و ١٤) لەبەر هەمـان ئەو خاڵەی کە لە شیکردنەوەی کێش و جوولەی وێنەدا ئاماژەی پێدرا بۆ ڕەنگیش دووبارە هەر ڕاستە، چونکە ڕۆژنامەکە ڕەنگی یان بەکارنەهێناوە یان کەمترین بڕی بەکارهێناوە چونکە ئەو ڕەش و سپیە و گۆڤارەکە هەمەڕەنگە لەبەر ئەوە ئاساییە ڕەنگی بەکارهاتووی بەهێز لە بڕیاردا پلەی یەکەمی هەبێت و لە کوردستانی نوێدا پلەی دووەم بەتایبەت لەخەسڵەتێکدا کە لە ڕۆژنامەکەدا زۆرتر بەرچاو دەکەوێت لەچاو

گۆڤارەکە ئەویش بۆکسی خۆڵەمێشیە (Gray Boxes) کەشتێکی باش نییە لە نەخشەسازیدا، چونکە کۆنتراستی کەمە و لاوازە، وەکو کۆنتراستی ڕەش لەسەر سپی نییە.. زۆر بەکارهێنانی چاوی خوێنەر عەزیەت ئەدات نووسینی ڕەش لەسەر خۆڵەمێشی یان نووسینی سپی لەسەر خۆڵەمێشی بەبەراورد بە کۆنتراستی ڕەنگە گەرم ساردەکان کە زۆرئاسانتر دەخوێنرێنەوە.

**ئەنجامەکان:**

توێژەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە (بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار بەنموونە) گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- نەخشەسازیی بنەمایەکی سەرەکی ڕۆژنامەگەرییە و بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی کاریگەری هەیە لە بەرەو پێشچوونی بڵاوکراوەکاندا.

٢- بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەردەستبوونی کەرەستەی پێویستەوە بواری نەخشەسازیش فراوانتر بووە و زۆر قۆناغی تێپەڕاندووە.

٣- نەخشەسازیی بێجگە لە بەخشینی ڕوخسارێکی سەرنجراکێش بە ڕۆژنامە، هاوکات هاوکاری خوێنەریش دەکات بۆ ئەوەی جەختکردنەوەی لەسەر بابەتەکان زیاتر بێت و ماندوو و بێزارنەبێت.

٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار تاڕادەیەک ڕەچاوی پرەنسیپەکانی نەخشەسازییان کردووە و هەریەکەیان بە ڕێژەیەکی جیاواز (وەک لەبەشی پراکتیکیدا ئاماژە بەبڕ و ڕێژەکان کراوە) تێگەیشتنیان بۆ بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازیی هەیە و گرنگیان پێداون.

٥- لەڕووی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەردەستبوونی کەرەستەی پێویستەوە بۆ بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار لە پرەنسیپی دووبارەبوونەوەدا ڕەگەزی تێکست پلەی یەکەمی هەیە، لە کاتێکدا لە هەمان پرەنسیپدا ڕەگەزی لۆگۆ کە شوناسی بڵاوکراوەیە نزمترین پلەی هەیە، چونکە تا ئێستا شەش جار گۆڕانکاری تیا کراوە لەڕووی (فۆنت، ڕەنگ، قەبارە، شوێن).

٦- لە دوا ئەنجامدا توێژەر دەگاتە ئەو ئاکامەی هەرچەندە بەشێوەیەکی زانستی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی بەکاربهێنرێن لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا ئەوەندە زیاتر بڵاوکراوەکان سەرنج ڕاکێش دەبن، بۆ نموونە: ڕەگەزی (ڕەنگ) لە پرەنسیپی (هەمەڕەنگی)دا: پلەی کەمتری هێناوە لەچاو ڕەگەزی (هێڵ) لەهەمان پرەنسیپدا، ئەمە و ڕەگەزی (بابەت) لە پرەنسیپی (کێش/جووڵە)دا پلەی یەکەمی هێناوە لەچاو ڕەگەزی (ڕەنگ) لە هەمان پرەنسیپدا، کە کەمترین ئاستی هەیە، ئەمە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستییانەتر مامەڵە لەگەڵ پرەنسیپەکاندا بکرایە و هەردوو پرەنسیپی (هەمەڕەنگی) و (کێش/جووڵە) گونجاوتر پراکتیک بکرانایە ئەنجامی باشتری بەدەستەوە دەدا.

## سەرچاوەکان:

### کتێبە کوردییەکان:


- زانگەر، ماگی(٢٠٠٥) پرەنسیپەکانی نەخشەسازی/ وەرگێڕانی: ئالان عەتوف. چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- شاسواری، عادل(٢٠١٣) بەکۆمەڵایەتیبوون لە نێو ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

- عبدالله، سالار(٢٠٠٦) ٢٥ ئامۆژگاری بۆ دیزاینکردنی لۆگۆیەکی گونجاو، نووسەر:...... وەرگێڕان: چاپی ئەلەکترۆنی.


## کتێبە عەرەبییەکان:

- سكوت، روبرت جيلام(بدون سنة نشر) أسس التصميم، ت: محمد محمود يوسف، عبدالباقي محمد ابراهيم، مراجعة: عبدالعزيز محمد فهيم، تقديم:عبدالمنعم هيكل، مصر: دار نهظة مصر للطبع والنشر.
- شعبان، أمين (١٩٨٦) أسس انتاج الكتاب من التصميم الي التنفيذ. عالم الطباعة، اب.
- الصقر، اياد (٢٠٠٦) تصميم الصحافة المطبوعة واخراجها/ دار أسامة.
- عبدالكريم، عمرو محمد سامي. (١٩٩٨) فن الدعاية والإعلان ـ رؤية فنية معاصرة، القاهرة: جامعة حلوان.
- علم الدينم محمود (٢٠٠٠) فن التحرير الصحفي: المفاهيم، المتطلبات، الَاشكال، دار الحكيم للدراسات والنشر والإعلان.
- موسى، انتصار رسمي.(٢٠٠٤) تصميم واخراج الصحف والمجلات . الطبعة الاولى .عمان . دارالاوائل للطباعة والنشر.
- موسى ؛انتصار رسمي (٢٠٠٤).نظام الاخراج والتصميم الصحفي.عمان . دارالاوائل للطباعة والنشر.


## کتێبە ئینگلیزییەکان:

- Jacci Howard Bear, Desktop Publishing Expert: Principles of Design Definitions, Updated February, ٢٠١٦.
- Pawr Din. Variety magazine covers. of USA 1940's
- Zangar, Magy. Design Principles use. 2005


## نامەی زانکۆیی:

- محمد رؤوف، زينب ليث عباس.(٢٠٠٥) الَاساليب الفنية للإعلان في شبكة المعلومات العالمية ـ دراسة مسحية للَاساليب الإعلانية في موقع مكتوب عبر الانترنت، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد: كلية الإعلام.

- عابد، سومەییە فازیل.(٢٠١٧) کاریگەریتیی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێ لە سەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی، نامەی ماستەر/بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

**فەرهەنگ:**

- عەبدول، جەمال، فەرهەنگی ڕاگەیاندن، ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦

فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی

Oxford Dictionary
https://en.oxforddictionaries.com/definition/graphic_design 10 / 6 / 2018

فەرهەنگی مەریەم وبستەر

(Merriam Webster Dictionary)

www.merriam-webster.com/dictionary/graphic%20design 10 / 6 / 2018

**دیدار:**

- ڕۆژی ٢٠١٨/٦/١٤ سەردانی بارەگای گۆڤاری بڕیار کراوە.
- ڕۆژی ٢٠١٨/٦/١٤ سەردانی بارەگای ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کراوە.

**دەرسگوتار:**

- دەرسگوتارەکانی (د. ماگی زانگەر) کە لەبەریتانیاوە هاتبوو بۆ کۆرسی (نەخشەسازی چاپکراو) لە ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦ لە زانکۆی سلێمانی بەشی ڕاگەیاندن/ قۆناغی چوارەم / ڕۆژنامە.

**ئەلەکترۆنی:**


- http://nwrain.net/~tersiisky/design/principles.html / ١٠/ ٦/ ٢٠١٨
- http://www.j٦design.com.au/٦-principles-of-design/ ١٠/ ٦/ ٢٠١٨
- http://www.designzbyjamz.com/benefits-of-graphic-design/ ١٠/ ٦/ ٢٠١٨
- https://daniellesdooodles.wordpress.com/ ١٠/ ٦/ ٢٠١٨/poster-research-continued-week- ٥daniellesdooodles.
- http://٦٠٥.wikispaces.com/Variety ١٠/ ٦/ / ٢٠١٨
- http://www.tunedintolearning.com/rhythm-movement-and-autism/ ١٠/ ٦/ ٢٠١٨
- http://artapprenticeonline.com/blog/rhythm-in-art/ ١٠/ ٦/ ٢٠١٨
- http://rhythmicmovement.org ١٠/ ٦/ ٢٠١٨


**ملخص**


هذا البحث تحلل مظمون (استعمال المباديء التصميم في الصحافة الكردية صحيفة كوردستاني نوي و مجلة بريار نموذجا) المشكلة البحث تاتي عندما تبرز سؤال وهي (هل الصحافة الكردية بالاخص صحيفة كوردستان نوي ومجلة بريار الي اي مستوي اهتم بالتصميم بالاخص المبادي و الثلاثة: (التكرار) و (الوزن/الحركة) و(التنوع). وصل الباحث الي نتيجة بانه بسبب تقدم التكنولوجيا والمواد المتاحة في مجالات استخدام مبادو التصميم في صحيفة كوردستاني نوي ومجلة بريار بدرجة محدودة وفي هذه ناحية من حيث المبدو (التكرار) عنصر الكتابة تحتل المركز الاول ولكن في نفس المبدو العنصر(العلامة -لؤطؤ) تحتل ادني مستوي لانه لحد الان تغيرة (٦) مرات، اما بالنسبة لعنصر (التلوين) في مبدو التنوع تحتل مستوي أقل من العنصر (الخط)من نفس المبدو، اما العنصر (الموضوع) من مبدو (الوزن /الحركة) تاتي في مرتبة الاولي، بالنسبة

لعنصر(اللون) من نفس المبدو التي تعتبر اقل المستوي وفي نهاية وصل الباحث الي نتيجة بانه مهما استخدم المباديو التصميم بطريقة علمية في صحافة الكردية ساعد اكثر جذب القارئ للمنشورات.


## Abstract:

This research is comprised of content analysis to (Design Principles use). Kurdistani New paper and Bryar magazine have been taken as samples. The research problem is derived from the question: To what extent have Kurdish Journalism particularly Kurdistani New paper and Bryar magazine accounted for employing the design principles especially repetition, balance and variety principles? The researcher has consequently reached the result that design principles in Kurdistani New paper and Bryar magazine have been employed to some extent, and this is due to technology advancement and the availability of adequate objects. Concerning repetition principle, text element has stood first meanwhile logo element, which is the soul of publication, has received the lowest degree in the same principle because it has been modified six times so far. In variety principle, the degree of colour element is low as compared to line element within the same principle. Topic element in balance principle has come first as compared to colour element, which has been used to the least extent, in the same principle. Eventually, the researcher reaches the result that the more designing principles are employed in Kurdish journalism, the more the publications are attractive.